کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-4-2007 13:24بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەزارەتی لاوان یان وەزارەتی لاوکوژ؟ ... *فەیسەڵ محەمەد

هەمیشە فیستیڤاڵ و پێشبڕکێ و بەخشینەوەی خەلات و سوپاسنامەکان لە وڵاتی ئێمەدا، لەوە لاوازترو کەم تواناتر بووە بتوانێ کەسانی چالاك و بەهرەمەند و بوێر بناسێنێت و خەلاتیان بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە وەزارەتە تەقلیدی و ئۆرگانە سیاسییەکان هەمیشە لە هەوڵی پەراوێزخستن و بێدەنگ کردن و لەپەلوپۆخستنی نوسەرو ڕۆژنامەنوسە بزێو و قەڵەمە جدییەکاندایە.



هەربۆیە لە دنیایەکی وادا کەم توانایەکی زۆر هەیە لە بینینی شتەکاندا وەکو خۆی و هەڵسەنگاندنی بابەتە جدی و هەنوکەییەکان لەچاو ئەو قەڵەمانەی کە خۆیان ئەتك دەکەن و شانامە بە بالای ئەوانیتردا دەڵێن و چاوەڕوانی خەلاتی شاهانەن، بەداخەوە چەند ساڵێك بەرلەئێستا لە یەکێك لە ژمارەکانی هاولاتیدا لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویستم (ئاسۆ عەبدولەتیف) لە گۆشەی (هەناسە) دا پێکەوە بابەتێکمان بلاوکردەوە بەنێوی (ڕۆژنامەنوسی یاخی دەعوەتی شاهانە ناخوات)، جێی نیگەرانییە کە چەند ساڵێك بەسەر ئەم نوسینەدا تێپەڕیوە بەلام شتەکان هەروەك خۆیانن بێ گۆڕان و دەستکاریی و بگرە خراپتریشن. لێرەدا مەبەست لەو قەڵەمانەیە کە بابەتی جددی و ڕووداوی ڕۆژو گۆڕانکاریی و هەڵوێست وەرگرتن لەهەر بڕیارو جموجۆڵێکی سیاسی، کۆمەلایەتی و ئاینییە نەك ژاوەژاو و بابەتی کرچ و کاڵ و بالۆرەو ستایشکردن و پیاهەڵدان.

بەداخەوە ئێمە کۆمەڵگایەکین توانای جیاکردنەوەی تاریکی لە ڕووناکی، چاك لە خراپ، دۆست لە دوژمن، گەورە لە بچوك و ئەمڕۆ لە دوێنێمان نییە.. لەم فەزا تەڵخەدا، ڕۆژنامەنوس و نوسەری جدی و بەهەڵوێست نەك خەلاتی وەزارەتەکانی پێنادرێت، بەڵکو زیندانی و ئیهانە دەکرێ و وەدەردەنرێت و هەندێکجاریش خەلاتەکەی شەق و زللەو سوکایەتی پێکردنە، دنیایەك نمونەو ڕووداوی بەرجەستەو حاشاهەڵنەگرمان لەبەردەستدایە، چەند لەوانە لە زانکۆ وەدەرنران، چەند لەوانە گڕ بەردرایە کتێبخانە و دەستنوس و بروانامەو ماڵەکانیان.. چەند لەوانە لە زینداندا حوکمدران.. هتد

بۆیە من لێرەوە بەهەموو ئەو قەڵەمە بوێرو جددیانە دەڵێم کە نمونەیان لە (کارزان محەمەد) ی وەرگێڕو ڕۆژنامەنوس و (ئاسۆ عەبدولەتیف) و (نەبەز گۆران) و هەموو ئەوانەی وەك ئەوانن، کە ئەمانە خاوەنی سەدان وتاری جوان و بەپێزن و خاوەنی دەیان کتێبی نوسراو و وەرگێڕاونن، وەك گەنجیش گەنج و لاون، بەلام هەرگیز بەدڵی وەزارەتەکان نانوسن و شەرمیش ناکەن لە وتنی هەقیقەت و لەهەر ڕووداو و گۆڕانکارییەکیشدا ئەوان بێ تێکست و نوسین نەبوون، زۆریشیان خاوەن بروانامەن لە بوارەکەی خۆیاندا، لێرەوە پێیان دەڵێم هەر نوسەرو ڕۆژنامەنوس و قەڵەمێك لە وڵاتی ئێمەدا، هەتاوەکو لە وەزارەتەکانەوە دوورتر بن مەوداکانی ئازادی نوسینیان فراوانتر دەبێت، تا لە وەرگرتنی خەلاتەکان ڕەها بێت نەفەسی قەڵەمەکەی درێژتر دەبێت، هەروەك ئاسۆ عەبدولەتیفی هاوڕێم لە نوسینێکدا دەڵێت: ئەوانەی بە نەرمی دەنوسن بە زبری دەمرن و ئەوانەی بە زبری دەنوسن بە نەرمی دەمرن.

هەرچەندە کردنەوەی ئەم دەرگایانەو بەخشینەوەی ئەم خەلاتانە، کارێکی باشە بۆ زیاتر ئەکتیڤکردنی بواری نوسین و ڕۆژنامەگەری کوردی، بەلام پرسیارەکە ئەوەیە خەلات بەکێ دەبەخشرێ؟ کێن ئەوانەی ئەمڕۆ شایستەی ڕێزلێنانن و خاوەنی دەیان کارو چالاکی و لێشاوێك لە نوسینی جددی و باشن، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزو حورمەتم بۆ هەندێك لەو ڕۆژنامەنوسانەی کە خەلاتەکانیان بەرکەوتووەو شایستەی ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕێزلێنانەن، وەلێ كارێكی لەم جۆرە بەبێ وردكردنەوەو هەڵسەنگاندن و دانانی لیژنەیەك بۆ پاڵاوتن و دیاریكردن و جیاكردنەوەی چاك لە خراپ، چالاك لە ناچالاك، ئەوەندەی دەبێتەمایەی نیگەرانی و توڕەیی و نائومێدی رۆژنامەنوسان، ئەوەندە نابێتەمایەی خۆشحاڵی و هاندانی لاوان و نوسەران و رۆژنامەنوسان لەم بوارەدا، بە هیوای ئەوەی وەزارەتی لاوان بەم كارانەی وەك هەموو وەزارەت و ئۆرگانەكانیتر نەبێتەوە وەزارەتێكی لاوكوژ.

*faysalmedia@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.